سەران عومەر داواکاریەک ئاراستەی وەزارەتی دارایی هەرێم دەکات

ئەندامەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داواکاریەکی ئاراستەی وەزارەتی دارایی هەرێم کرد رایگەیاند، داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان مانگانە لە سەرو 320 ملیار دینارە و بە تێنکەڕ نێوت دەفرۆشرێت و بەپێی یاسای بودجە دەبێت ئەو داهاتانە ڕادەست بکرێت، جگەلەوەش بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ڕێتدەکەنەوە و شوێنگرەوەیان بۆ دابینکردنی موچەی خەڵک نییە و دەیانەوێت بۆ دەخۆە بچنە هەڵبژاردن و داوای دەنگی خەڵک بکەن.

سەران عومەر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەاوکراوەیەکی تایبەتیەکان نوسیویەتی، ئەو لیستانەی وەزارەتی دارایی هەرێم بە وەزارەتی دارایی فیدراڵی ناردوە سەرجەمی موچەکەیان تەمویل کراوە، تەنها ئەو لیستانەتان ناردوە، پاشان موچە بڕادەست کردنی داهاتی ناوخۆە دەدرێت، حکومەتی هەرێم موچەی مانگکانی (تشرینی یەکەم/10) و (تشرینی دوەم/11) و (کانونی یەکەم/12) ساڵی ڕابردوی نەداوە، ئەی کوا داهاتی ناوخۆ کە مانگانە سەرو 320 ملیار دینارە.

ئاماژەی بەوشکردوە، لە ڕۆژی 17ی مانگی (تشرینی یەکەم/10)ی ساڵی ڕابردو کاتێک حکومەتی هەرێم

سەردانی بەغدای کرد، لیستەکتان هەنابو کەی گشتی موچەی هەرەم 913 ملیارو 623 ملیۆن دینار بو، ئەستا بەبێ دامەزراندنی وانەبێژو خەبەخش و سێ یەکەمەکان و بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان و پلەبەرزکردنەوە، چەن موچە گەشتوە بە 949 ملیار و 813 ملیۆن دینار.

سەران عومەر ئەوشی خستوتەو، سەیرە وەزارەتی دارایی باس لەداهاتی نەوتی و نانەوتی ناکات، کە بەپێی یاسای بودجە و بەیاری دادگای فیدرالی ئەبێ ئەو داهاتانە هادەست بکرێت، بەتەنکەر نەوت دەفرۆشن کوا داهاتەکەی.

باسی لەوشکردوە، مانگانە حکومەتی هەرەم هاوکاری هاوپەیمانان بە هەزی پێشمەرگە وەردەگرێت، پاشان بەوشێیەکیش باسی بەیاری دادگای فیدرالی ناکەن، باس لە مافی یاسایی و دەستوری موچەخۆرانی هەرەم دەکەن مەگەر پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران مافی یاسایی و دەستوری نیە، مەگەر هاوتا کردنی موچەی خانەنشینان وەک خانەنشینەنی عەراق مافی یاسایی و دەستوری نیە.

سەران عومەر رونیدەکاتەوە، پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە حکومەتی هەرەم بەیاری دادگای فیدرالی رەتدەکاتەوە بە جێگیرکردنی موچە لەبانکە حکومیە فیدرالیەکانەوە، ئەی شوێنگرەوەیان چییە بە برسیکردنی خەڵک و نەهاتنی موچە، چەن دەتوانن بەم دەخەوە بچنە هەبژاردن و داوای دەنگ لەخەڵک بکەن